

## ( ئەلیسا ئۆسترۆم) بەناوی سەرجەم ئەندام پەرلەمانانی پارتی چەپی سویدی دان بەوە دادەنێین کە ئەنفال جینۆسایدە

**هەر وەک ئاگادرن ماوەیەکە چاک سوید کەمپینێکی ساز کردوە بۆ ناساندنی ئەنفال بەتاوانی جینۆسایدا کە خۆشبەختانە تائێستا دەیان ئە ندام پەڕلەمانی سویدی پشتگیری خۆیان بۆ دەربریوین، کە لە نێوانیاندا سەرۆکی پارت ، سەرۆکی 3 فراکسیۆنی پەرلەمانی ئیمزایان کردوە . کەلە چەند ڕۆژی داهاتوو سەرجەم ناوەکانیان بلاو دەکەینەوە .**

**ئیمڕۆ لە ئمێلێکی تایبەتدا بۆ چاک سوید ( ئەلیسا ئۆستروٴم ) سەرۆکی فراسیۆنی پارتی چەپی سویدی بەناوی سەرجەم ئەندامەکانیانەوە کەژمارەیان (22) ئەندام پەڕلەمانە، ئیمزای خۆیان خستە سەر ئەو کەمپینەی چاک سوید کەداوا دەکات ئەنفال بە جینۆساید بناسێنرێت ، دەبێت ئەوەش بڵێین پێشوو تر سەرۆکی پارتی چەپ (لارش ئۆهلێ ) و 13 ئەندام پەڕلەمانیان پاڵپشتی خۆیان بۆ دەربریبوین.**

**دوبارەی دەکەینەوە ژمارەی ئەو ئەندام پەرلەمانتارانەی سوید کە دان بەوە دادەنێن ئەنفال جینۆسایدە ڕۆژانە لە هەڵکشاندایە .**

**چاک سوید**

**20061221**